داوای هاوڕێیەتی دەکات، بەڵام ئەو –چ ژن بێت، چ پیاو – دەیەوێت بە ڕێزەوە پێشوازی لێ بکرێت. هاوڕێیەتی و خۆشەویستی دەتوانن، پاش ئەوەی خەڵکی یەکتریان باش ناسی و نرخیان بۆ یەکتر دانا، بێن. بەڵام لە دەستپێکدا نابێت هیچ ڕاو بۆچوونێکی پێشتر بڕیاردراو هەبێت. بە مانایەکی تر: نابێت دید و تێڕوانینی پێشوەخت بڕیار لەسەر دراو هەبێت. بەڵام ڕەگەزپەرستی لەسەر ئەو کلێشانە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت کە خەڵکی دیکە و کلتوورەکەیان چۆنن. نموونەی چەند تێڕوانینێکی گشتگرانەی بێ بنچوبنەوانت بۆ دەهێنمەوە: سکۆتلاندی و سمۆلێنییەکان[٦] ڕژد و چکوسن، بەلچیکییەکان زۆر فێڵباز نین، قەرەجەکان دزن، خەڵکی ئاسیا سڕ قایمن و هەروەها شتی لەو چەشنە. هەموو شتە گشتگرە سەپێنراوەکان دەبەنگن و زەمینە بۆ هەڵە و چەوتیی نوێ خۆش دەکەن. هەر بۆیەشە هەرگیز بۆمان نییە بڵێین:"عەرەبەکان وا و وان"، "فرەنسییەکان وان و وانین" و هەروەها. ڕەگەزپەرستێك حاڵەتێکی تایبەت بە هەموو حاڵەتێکی دیکە دەگرێت. ئەگەر عەرەبێك دزی لێ بکات، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە گشت عارەبان دزن. ڕێزگرتنی ئەوی دیکە، بەتەنگەوەهاتن و لەسەرکردنەوەی یەکسانییە.

– بەڵام مرۆڤ دەتوانێت چیرۆك لەبارەی بەلچیکی و نەرویژییەکانەوە بگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی لەسۆنگەی ئەو چیرۆکانەوە بشبێت بە ڕەگەزپەرست!

– بۆ ئەوەی گاڵتەوگەپ بە کەسانی دیکە بکەیت، ناچاریت کە بە خۆشت پێبکەنیت. ئەگینا مرۆڤ ئەو کاتە بۆخۆی خودانی گاڵتەوگەپ نییە. گاڵتەوگەپ یەکسانە بە هێز.

– ئەریێ بەڕاست گاڵتەوگەپ چییە، وەکو پێکەنیین وایە؟

– کە دەرۆستی گاڵتەوگەپ بێیت و کەیف و خۆشیی لێ وەربگریت، وەکو

(سەنترالّ هـای سكولّ)، كـە فێرگـەیـەكی تـایبـەت بـوو بـە سپـیـپێستـەكـان، بخوێنن، دەست بخەنە نێو كاروباری ئەو هەرێمەوە.... خەبات لەپێناوی بـەدەستـهێنـانـی مـافـە ڕەواكـانـی ڕەشپێستـانـدا هـێشتـا كۆتـایـی نـەهـاتـووە، سەربـاری ئـەوەش كـە لـە جـەرگـەی ئـەو خـەبـاتـەدا، ساڵـی ١٩٦٨، لـە (ئـەتلانتـا)، (مـارتین لـۆتـەر كینگ)[١١] كـوژرا. ئـەمـڕۆ هـەنـدێك شت لـە گۆڕاندان. وەكوو ئەوەی ئێستا لە خوارووی ئەفریقیا ڕوودەدات، لەوێ جاران سپییەكان و ڕەشپێستەكان هەر بە جیا لە یەكتری دەژیان. ئەویش بە (ئەپارتاید) ناو دەبرا. ڕەشپێستەكان كە زۆرینەی خەڵكەكە بوون، لە لایەن كەمایەتی سپییەوە، كە جڵەوی دەستەڵاتیان بە دەستەوە بوو، بە سووكتر و بێ بەهاتر سەیر دەكران.

بەڵام هەروەها ئەوەش بزانە كە ڕەشپێستەكانیش وەكو هەر كەسانێكی دیكەن و ئەوانیش دەتوانن لەگەڵ ئەو كەسانەدا كە لە خۆیان ناچن، ڕەگەزپەرستانە، بجووڵێنەوەو ڕەفتار بكەن. كە ئەوان زۆر جاران بوونەتە قوربانی ڕەگەزپەرستی، ڕێ لەوە ناگرێت كە هەندێكیان ڕگەزپەرستن.

– پـێش نـەخـتـێك وتت كـە كـۆڵـۆنـیـالـیـزم مـیـلـلـەتـان پـەرت پـەرت دەكات...كۆڵۆنیالیزم چییە، ئەویش هەر ڕەگەزپەرستییە؟

– لە چەرخی نۆزدەدا وڵاتانی ئەوروپایی، وەكو فرەنسا، ئینگلستان، بەلچیكا، ئیتالیا و پورتوگال بە هێزی سوپایی خۆیان پەلاماری وڵاتانی تریان لە ئەفریقیا و ئاسیا دەدا و داگیریان دەكردن. كۆڵۆنیالیزم بە زۆر خۆسەپاندن و بۆ خۆ زەوتكردنە. كۆڵۆنیالیستێك پێی وایە، ئەو وەكو سپی و شارستانی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت كە "ڕەگەزە بندەستەكان بەرەو شارستانی بەرێت". ئەو لەو بڕوایەدایە، بۆ نموونە، كە ئەفریقاییەك، هەر لـەبـەر ئـەوەی ڕەشپـێستـە، هـێندەی سپـییـەك زیرەك و لـێهـاتـوو نـییـە، بـە واتایەكی دیكە: لە ڕووی زیرەكییەوە كەمترە لە سپییەك.

– داوا لە مامۆستاکەت بکە لە پۆلدا باسی ئەو بابەتە بکەن. ئەوە بزانە کە مرۆڤ لەگەڵ منالاندا دەتوانێت شتێ بە شتێ بکات و چەوتوچەویڵییەکان ڕاست بکاتەوە. لەگەڵ گەورەکان زۆر زەحمەتترە.

– بۆچی؟

– چونکە هیچ منالێك بە ڕەگەزپەرستی لەدایك نابێت. زۆربەی جاران ئەوەیە کە منالێك ئەوە دەڵێتەوە کە لە دایك و باوکەوە، لە کەسوکارەوە، یان لە کەسانێکەوە کە لە دەوروبەریدا دەژین، بەر گوێی کەوتووە.بۆ منالێك زۆر ئاساییە لەگەڵ منالانی تردا یاری بکات. منالێك لەوە ناپرسێتەوە کە منالێکی تر ڕەنگی پێستی وەکو ڕەنگی پێستی ئەو نییە، گوێ بەوە نادات لەخۆی بەنرختر یان بێ نرخترە. بۆ منالێك، منالەکەی دیکە، بەر لە هەر شتێك، کەسێکە کە دەتوانێت یاری لەگەڵدا بکات. ڕەنگە لەگەڵ یەکدیدا بگونجێن و ڕەنگە نەختێکیش شەڕ بکەن. ئەمەش هیچ سەیر نییە. هیچ پێوەندییەکی بە ڕەنگی پێستەوە نییە. بەڵام ئەگەر دایك و باوکی منالەکە پێی بڵێن کە خۆی تار و دوورەپەرێز بگرێت لە منالانی ڕەشپێست، ئەوسا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی منالەکە لە ئاست ڕەشپێستەکاندا بە جۆرێکی جیاواز هەڵسوکەوت بکات.

– بەڵام بابە، تۆ لە قسەکانتدا هەمیشە دەڵێیت ڕەگەزپەرستی لە هەموو جێیەك هەیە و بەشێکە لە کەموکوورییەکانی هەر مرۆڤێکیش!

– ڕاستە، بەڵام مرۆڤ دەبێت منالان فێری کاری چاکە بکات، بۆ ئەوەی فێری ئەوە نەبن هەر ئەو کارانە بکەن کە خۆیان بە دروستی دەزانن. هەروەها مرۆڤ دەتوانێت منالان فێری ئەوە بکات، کە چ شتێك خراپ و دزێوە. ئەمەش زۆر پێوەندی بەوەوە هەیە دایك و باوکان خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە و چۆن گۆش کراون. ڕەنگە منالێك ناچاربێت بۆ دایك و باوکی خۆی ڕاست بکاتەوە، کاتێك کە هەڵسەنگاندنی ڕەگەزپەرستانەیان

بەرانبەر کەسێك یان شتێك بە دەمدا دێت. مرۆڤ نابێت دوودڵ بێت، یان بترسێت، لەوەی لە حاڵەتی وادا خۆ لە کاروباری گەورەکان هەڵقورتێنێت، هەر لەبەرئەوەی گەورەن.

– مەبەست لەمە چییە؟ مرۆڤ دەتوانێت منداڵێك لە ڕەگەزپەرستی قوتار بکات، بەڵام ناتوانێت گەورەیەك...

– بەڵێ، بۆ منداڵان ئاسانترە. یاسایەك هەبێت کە ڕێنوێنی هەر مرۆڤێك دەکات لەو کاتەوە کە ئیتر پێ دەگات و گەورە دەبێت: نەگۆڕان! فەیلەسووفێك، کە ناوی(سپینۆزا) بوو، زۆر بەر لە ئێستا وتوویەتی: "هەموو مرۆڤێك لە هەوڵی ئەوەدایە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ببێت بە خۆی." ڕۆژانە خەڵکیش دەڵێن: "ئەوەی فێری بوویت بە شیری، بۆت تەرك ناکرێت بە پیری!" بە واتایەکی دیکە: مرۆڤ کە جارێك بوو بەوەی هەیە، هەر ئەویش دەمێنێتەوە. بەڵام منداڵێك کە هێشتا نەرموشلە، هێشتا کراوەیە و دەتوانێت فێر بێت، هێشتا دەتوانێت ببێت بە کەسێك. گرانە گەورەیەك کە بڕوای بە "نابەرابەریی نێوان ڕەگەزەکان هەیە" بهێنێتە سەر ڕێیەکی دیکە. کە چی منداڵ دەتوانێت خۆی بگۆڕێت. هەر بۆیەشە قوتابخانە هەیە، بۆ ئەوەی منداڵان فێر بکات کە مرۆڤ بەبەرابەری لەدایك دەبێت و بەبەرابەریش دەمێنێتەوە، بەڵام لە یەکتریش جیاوازن، بۆ ئەوەی منداڵان فێر بکات کە هەمە جۆری و فرەچەشنیی مرۆڤەکان سەروەت و سامانێکە، نەك پەککەوتەیی.

– ئایا مرۆڤ دەتوانێت چارەسەری ڕەگەزپەرستی بکات؟

– کەواتە پێت وایە کە ڕەگەزپەرستی نەخۆشییەکی درمە، لە یەکێکەوە دەچێت بۆ یەکێکی دیکە!

– ئا، چونکە ئەوە شتێکی ئاسایی نییە، کەسێك ڕقی لە کەسێکی دیکە ببێتەوە هەر لەبەر ئەوەی ڕەنگی پێستی جیاوازە...

لە پێناویدا هاتۆتە کایەوە و بۆی تێدەکۆشێت.″

منالێك کە لە بنەچەدا خەڵکی مەغریبە قسەکەی لێ وەردەگرێت و دەڵێت: ″باشە ئەی ئەگەر یاسا دژی ڕەگەزپەرستی هەیە، ئەی بۆ بەرەی نەتەوەیی قەدەغە نەکراوە؟″

(نۆیۆمی)یش دەپرسێت: ″ئەی چۆنە لە وڵاتێکدا، کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەپارێزرێت، ڕێ بە بوونی پارتییەکی وەکو بەرەی نەتەوەیی دەدرێت؟″

لە (بازاس)، لە خوارووی خۆرهەڵاتی فرەنسا، زۆربەی خوێندکارەکان سەر بەخێزانی جوتیارانن. مامۆستایەك دەڵێت: ″لێرە کەس، یان ڕاستتر زۆربەیان هیچ لەبارەی ڕەگەزپەرستییەوە نازانن.″. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا خوێندکارەکان دەکەونە باس و خواسی ئەوەی کە بێ ئەم کتێبۆکەیە، ئەوەیان نەدەزانی کە شتێك هەیە ناوی دژایەتیکردنی ڕەگەزە. لەو خوێندنگەیەدا تەنیا یەك پێسترەش و کچۆڵەیەکی مەغریبیم بەرچاو کەوت. (مریەم) بە تەواوی تێکەڵ بەو وڵاتە بووە کە تێیدا دەژی و بە زاراوەی ئەو ناوچەیەش دەدوێت. ئایا ئەوەندە ئاسانە ئەگەر لە جێیەك بیانیی لێ نەبێت، ڕەگەزپەرستیش لە ئارادا نییە؟ زۆر لەمە دڵنیا نیم. چونکە کاتێك لەگەڵ منداڵەکاندا قسە دەکەم لەوە تێ دەگەم کە ڕەگەزپەرستی شتێکە بە خۆیەوە خەریکی کروون، ئەگەر چی وەکو تر مێشکیشیان بە شتی دیکەوە خەریکە.

(ئاورێلییە) دەپرسێت: ″ئایا مرۆڤ دەتوانێت ڕەگەزپەرست بێت، ئەگەرچی لەوەش بێئاگایە کە ڕەگەزپەرستە؟″

(ئێلۆدییە)یش لەوە دەپرسێتەوە کە بۆ چی من باس لە ڕەگەزپەرستی دەکەم.

ئەو تاکە منالە ڕەشپێستەش کە لەو خوێندنگەیە هەیە هیچ نالێت. کە

